حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی تیشکی نێودەوڵەتی / هەولێر

فاکەڵتی یاسا – بەشی یاسا

# ڕێوشوێنەکانی بەرزکردنەوەی داوای دەستووری

ئەم توێژینەوەیە وەك بەشێك لەتەواوکاریەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس

لەیاسای گشتی پێشکەش بە فاکەڵتی یاسا لەزانکۆی تیشکی نێودەوڵەتی کراوە.


ئامادەکردنی قوتابیان:

مـحمد تحسین عیسی

محمد نەوزاد خضر

بەسەرپەرشتی :

م. محمد عبدالکریم


2023ز

1444ك

قال تعالى:

# ((وأمَرَهُم شُورى بَينَهُم))

صدق الله العظيم

سورة الشورى:الآية 3

## سوپاس و پێزانین...

- پێشەکی پێش هەموو شێتک دەمانەوێ سوپاسی خودای گەورە بکەین کە بەهەرە و توانای پێداوین بۆ نووسینی ئەم توێژینەوە.
- وە هەروەها سـوپاسـێکی تایبەتی خانەوادەکەمان دەکەین کەوا هەموو کات پاڵپشتمان بوون بۆ تەواو کردنی خوێندنمان.
- لێرەوە دەمانەوێ زۆر سوپاسی مامۆستای سەرپەرشتیار (م.محمد عبدالکریم) بکەین کەوا زۆر پێمانەوە ماندوو و هیلاک بوو وە زانستێکی باشی دەربارەی بوارەکە پێمان گەیاند تا ئەو توێژینەوەیەمان تەواو بوو.
- وە هەروەها سوپاسی هەر کەسێک دەکەین کە بە هەر ووشەیەکیش هاوکارمان بوبێ

**توێژەران**

## پێشکەشکردن...

- پێشکەش بە دایك و باوکی ئازیزمان.
- پێشکەش بە مامۆستای سەرپەرشتیار
(م. محمد عبدالكريم) کە زۆر ماندوو بوو پێمانەوە.
- پێشکەش بە سەرجەم مامۆستایانی کۆلیژەکەمان.
- پێشکەش بە قوتابیانی بەشەکەمان.

توێژەران

# پێرست


| ز | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | ئایەتی قورئانی | أ |
| 2 | سوپاس و پێزانین | ب |
| 3 | پێشکەشکردن | ج |
| 4 | پێرست | د |
| 5 | پێشەکی | 1 – 3 |
| 6 | بەشی یەکەم/ مانای داوای دەستووری و دادگای باڵای فیدراڵی | 4 |
| 7 | باسی یەکەم/ پێناسە و تایبەتمەندی داوای دەستووری | 4 |
| 8 | لقی یەکەم/ پێناسەی داوای دەستووری | 5 |
| 9 | لقی دووەم/ تایبەتمەندیەکانی داوای دەستووری | 6 |
| 10 | لقی سێیەم/ شێوەکانی داوای دەستووری | 7 – 8 |
| 11 | باسی دووەم/ دەسەڵاتەکانی دادگای باڵای فیدراڵی لە عێراق | 8 – 9 |
| 12 | بەشی دووەم/ ڕێوشوێنەکانی بەرزکردنەوەی داوای دەستووری لە بەردەم دادگای فیدراڵی باڵا | 10 |
| 13 | باسی یەکەم/ ڕێگای دەفعکردن کەوا ڕەوانەکردن لەخۆ دەگرێ | 10 – 11 |
| 14 | باسی دووەم/ ڕێگای ڕەوانەکردنی لەخۆوە لە دادگای بابەتەوە | 12 – 13 |
| 15 | باسی سێیەم/ ڕێگای بەرپەرچدانەوە (التصدی) | 13 –14 |
| 16 | باسی چوارەم/ داوای ڕاستەوخۆ | 14 – 16 |
| 17 | بەشی سێیەم/ مەرجەکانی قەبوڵکردنی داوای دەستووری | 17 |
| 18 | باسی یەکەم/ مەرجی بەرژەوەندی | 17 – 18 |
| 19 | باسی دووەم/ مەرجی تایبەتمەندی | 19 |
| 20 | باسی سێیەم/ کاتی بەرزکردنەوەی داوا | 20 |
| 21 | دەرئەنجام | 21 |
| 22 | ڕاسپاردە | 22 |
| 23 | سەرچاوەکان | 23 – 25 |

# پێشەكی

داوای دەستووری ئامرازێکی بەرگریە لە بنەمای باڵایی دەستوور، وە وا لە هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێ بەجێ کردن بکرێت پابەندبن بە حوکمەکانی لە کاتی پراکتیزەکردنی دەسەڵاتەکانی یاسادانانیان لەلایەك، سەرەڕای ئامرازی تاکەکانە بۆ پاراستنی ماف و ئازادیەکان کەوا لە دەستووردا هەیە لەلایەکی تر..

داڕێژەری دەستوور ڕۆڵەکەی لە بەیانکردنی کۆمەڵەی ماف و ئازادیە گشتیەکان کورت دەبێتەوە کەوا تاکەکان لە دەستوور وەریدەگرن، ڕێکخستنی پێگەی یاسایی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ یاسادانەر بەجێدەهێڵێت هەروەها دەسەڵاتی تەقدیری هەیە بۆ ڕێکخستنی ئەو پێگە یاساییانە، وە دانانی ڕێککاری یاسایی بۆ پراکتیزەکردنی ئەو ماف و ئازادیانە بە مەرجێك ئەو ڕێکخستنە یاساییە نەبێتە هۆی بەهەدەردانی بنچینەی ماف و ئازادیەکان یاخود لە ناوەڕۆکەکانیان بەتاڵیان بکاتەوە.

داوای دەستووری گرنگیەکی زۆری هەیە لە هەمان کاتیشدا مەترسی هەیە، لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی یاسایەك کەوا دەستووری نیە، وە وا بە ئاسانی بەرز ناکرێتەوە لەبەر ئەوەی پێویستە کۆمەڵێك مەرجی تێدا بێتەدی تاوەکو لە ڕێگەیەوە پەیوەندی بە قەزا بکرێت.

## یەکەم: گرنگی بابەتی توێژینەوە:

گرنگی ئەو توێژینەوەیە لەوەدایە کە داوای دەستووری داوایەکی عەینیە، مەبەست لێی وەستانە لەبەرامبەر دەقی یاسایی، وە داوایەکی کەسی نیە تاوەکو مەرجەکانی دیاری بکرێت یاخود ڕێوشوێنەکانی دیاری بکرێت لە یاسای دادبینیە شارستانیەکان، بەڵکو پێویستی بە ڕێوشوێنی تایبەت و مەرج هەیە کە پێویست دەکات تێیدا هەبێت سەرەڕای سروشتە تایبەتەکەی، ئەگەر هاتوو ئەو مەرج و ڕێوشوێنانە لە دەقی یاسایی بە ڕوونی دیاری بکرێت ئەوا دەبێتە هۆی فاکتەرێکی یارمەتیدەر بۆ داواکار و قەزای دەستووری بۆ زانینی ئەو مەرج و ڕێوشوێنانە هەروەها نەمانی تێکەڵکردن لەنێوان داوای دەستووری و داوای قەزای ئاسایی.

## دووەم: گرفتی توێژینەوە:

گرفتەکە لەوەدایە کە داوا سەرەڕای گرنگیەکەی وەك ئامرازێك بۆ پاراستنی بنەمای مەشروعیەتی دەستوری، کەچی یاسایەکی تایبەتی بۆ دانەندراوە کە تایبەت بێت ڕێکخستنی مەرجی بەرزکردنەوەی ئەو داوایە یاخود ڕێوشوێنەکانی یاخود تەنانەت ڕێگای کۆتایی پێهاتنی، تەنها چەند دەقێکی جیاجیا لە دەستوری کۆماری عێراقی ساڵی 2005 و یاسای دادبینی شارستانیەکانی عێراقی ژمارە ٨٣ ی ساڵی ١٩٦٩ی

هەموارکراو وە یاسا دادگای فیدراڵی ژمارە ٣٠ی ساڵی ٢٠٠٥، هەروەها یاسای دادگای باڵای فیدراڵی ژمارە (٣٠) ی ساڵی ٢٠٠٥ و هەمواری ساڵی ٢٠٢١، و پەیڕەوی ناوخۆی دادگای باڵای فیدراڵی ژمارە (١) بۆ ساڵی ٢٠٢٢.

**سێیەم: پرسیارەکانی توێژینەوە:**

پرسیارەکە ئەوەیە کە ڕێوشوێنەکانی پێشکەشکردنی داوای دەستووری بەرامبەر دادگای باڵای فیدڕاڵی چیە؟ و ئایا جیاوازی هەیە لەنێوان یاسای دادبینی شارستانی و یاسای دادگای باڵای فیدڕاڵی؟ و ئایا دەکرێت چاودێری دادگای باڵای فیدڕاڵی بە ڕێگای بەرپەرچدانەوە (تصدی) بکرێت؟ لە کاتێکدا کە دەستووری عێراقی و یاسای دادگای باڵا فیدڕاڵی ئاماژەی پێنەکردووە.

**چوارەم: بەرنامەی توێژینەوە:**

بۆ ئەوەی بە تەواوی و ڕوونی بچینە سەر بابەتی توێژینەوەکە، پێویستی بە بەرنامەی توێژینەوەی شیکاری و هەروەها بەرنامەی توێژینەوەی بەراوردکاری هەیە، بۆ شیکردنەوەی دەقە یاساییەکان و حوکمە دادگاییەکان لەپاشان باسکردن لە ڕاوبۆچوونی فیقهی و هەڵوێستی قەزا.

**پێنجەم: پلانی توێژینەوە:**

**توێژینەوەکەمان بەو شێوەیەی خوارەوە دابەش کردووە:**

**بەشی یەکەم/ مانای داوای دەستووری و دادگای باڵای فیدراڵی**

**باسی یەکەم/ پێناسە و تایبەتمەندی داوای دەستووری**

**لقی یەکەم/ پێناسەی داوای دەستووری**

**لقی دووەم/ تایبەتمەندیەکانی داوای دەستووری**

**لقی سێیەم/ شێوەکانی داوای دەستووری**

**باسی دووەم/ دەسەڵاتەکانی دادگای باڵای فیدڕاڵی لە عێراق**

**بەشی دووەم/ ڕێوشوێنەکانی بەرزکردنەوەی داوای دەستووری لە بەردەم دادگای فیدڕاڵی باڵا**

**باسی یەکەم/ ڕێگای دەفعکردن کەوا ڕەوانەکردن لەخۆ دەگرێ**

**باسی دووەم/ ڕێگای ڕەوانەکردنی لەخۆوە لە دادگای بابەتەوە**

**باسی سێیەم/ ڕێگای بەرپەرچدانەوە (التصدی)**

**باسی چوارەم/ داوای ڕاستەوخۆ**

**بەشی سێیەم/ مەرجەکانی قەبوڵکردنی داوای دەستووری**

**باسی یەکەم/ مەرجی بەرژەوەندی**

**باسی دووەم/ مەرجی تایبەتمەندی**

**باسی سێیەم/ کاتی بەرزکردنەوەی داوا**

## بەشی یەکەم

## مانای داوای دەستووری و دادگای باڵای فیدراڵی

ملکەچبوون بۆ یاسا مانای پابەندبوونە پێی چ لەلایەن حوکمکراوان یان حوکمداران وە چ یاسای دەستووری بێت یاخود یاسای ئاسایی بێت، یان لقی بێت، بەڵام یاساکان هەموویان لە یەك مەرتەبەدا نین بەڵکو دەستوور لە مەرتەبەی یەکەمدایە وە لەدوای ئەو یاسای ئاسایی دێت لەپاشان لقی، وە پارێزگاریکردن لە دەستوور پێویستی بەوە هەیە کە سەرجەم یاساکانی خوار خۆی ملکەچ بن و سەرپێچی ئەو نەکەن، ئەمەش بەدی نایەت تەنها بە بوونی دەستەیەك بۆ چاودێری دەستووریەتی یاساکان، بۆیە زۆرجار ئەو لایەنەی کەوا پێی وایە ئەو یاسایەی کەوا لەسەری جێ بەجێ دەکرێت پێچەوانەی دەستوورە داوایەك بەرز دەکاتەوە تێیدا داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایە دەکات کەوا لەسەری جێ بەجێ کراوە و پێچەوانەی دەستوورە[٣]، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی داوای دەستووری و شێوەکانی ئەم بەشە دابەش دەکەین بۆ سەر دوو باس، لە باسی یەکەم پێناسەی داوای دەستووری و تایبەتمەندیەکانی دەکەین، وە لە باسی دووەم باسی دەسەڵاتی دادگای باڵای فیدراڵی دەکەین، بەو شێوەیەی دادێ:

## باسی یەکەم

## پێناسە و تایبەتمەندی داوای دەستووری

بۆ ئەوەی پێناسەی داوای دەستووری بکەین و تایبەتمەندیەکانی بخەینە ڕوو وە باسی شێوەکانی داواکە بکەین، ئەم باسە دابەش دەکەین بۆ سەر سێ لق، لە لقی یەکەم پێناسەی داوای دەستووری دەکەین، وە لە لقی دووەم تایبەتمەندیەکانی دەخەینەڕوو، وە لە لقی سێیەم باسی شێوەکانی داوای دەستووی دەکەین، بەو شێوەیە:

### لقی یەکەم

### پێناسەی داوای دەستووری

داوای دەستووری پێناسەیەکی گشتی هەیە کەوا سەرجەم ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کەوا قەزای دەستووری سەیری دەکات چ ئەوەی پەیوەندی هەیە بە چاودێری دەستووری بوونی یاساکان یاخود تایبەتمەندیەکانی تر، وە ئەو پێناسەیەش دەرناچێت لە پێناسەی داوا بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ بوونی

[٣] – حسنى بوديار، الوجيز في القانون الدستوري، دار العلوم للنشر و التوزيع، فلسطين، 2003، لا 109.

تایبەتمەندیەك كە پەیوەندی هەیە بە بەرگریكردن لە مافەكانی دەستەكانی دەوڵەت و تاكەكان لە هەندێ كات كە دەقی لەبارەوە هاتووە لە دەستوور[بتر].

فقهی عێراقی پێناسەی داوای دەستووری كردووە بەوەی كە : (ڕێگایەكە بۆ گرەنتیكردنی ماف و ئازادیەكان و گرەنتیەكە بۆ جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكان و هاوسەنگیكردنیان. وە گرەنتیە بۆ سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادگایی)[ير].

داوای دەستووری پێناسە دەكرێت بەوەی كە ئەو ئامرازەیە كەوا دەستوور دەیدات بەو كەسانەی سیفەتی سروشتی و ماناییان هەیە بۆ داواكردنی هەڵوەشاندنەوەی یاسایەك كەوا دەرچووە لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانان یاخود كارێكی یاسایی دەرچوبێت لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێكردن یاخود دادگایی كە پێشیلی مافێك لەو مافانە بكات كەوا لە دەستووری دەقی لەبارەوە هاتووە لەدوای بەرێوەچوونی ڕێوشوێنە یاساییەكان بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایە[سم].

## لقی دووەم

## تایبەتمەندیەكانی داوای دەستووری

لە پێناسەكانی داوای دەستووری بۆمان دەردەكەوێت كەوا تایبەتمەندیەكانی ئەو داوایە ئەمانەن:

**یەكەم: داوایەكی عەینییە:** پێكهاتەكەی بەرامبەر ئەو دەقە یاساییە یە كەوا ڕاگەیەندراوە پێچەوانەی دەستوورە، بەو ڕێسایەی كەوا لەسەر هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێ بەجێكردنی چەسپاندووە بۆ پابەندبوونیان لە پراكتیزەكردنیان بۆ دەسەڵاتە دەستووریەكانیان. ئەو دەقانە خۆیان بابەتی خەسمی دەستوورن. وە داوای دەستووری بە سروشتی خۆی داوایەكی عەینییە تێیدا خسومە بەرامبەر ئەو دەقی یاساییەیە كەوا تانەی لێدراوە بە بوونی عەیبی دەستووری. وە شوێنەوارەكەی بەڵگەیەكی ڕەهایە بۆ سەرجەم، چ ئەوانەی

---

(بتر) – عبدالحليم قاسم محمد العبيدي، رسالة ماجستير، جامعة الانبار، كلية القانون والعلوم السياسية، 2011، لا 12.

(ير) – نوال لصلج، خصوصية الدعوى الدستورية في التشريع الجزائري، دراسة،جامعة سكيكدة، الجزائر، 2019،لا5.

() – ممدوح محمد عارف الشياب، الدعوى الدستورية بين الرقابة السياسية والرقابة القضائية، رسالة ماجستير، جامعة الشرق الأوسط، كلية الحقوق، 2015، لا 24.

باسکرابن بە دەقی یاسایی یان ئەوانی تر بن. هەروەها لایەنەکانی دادگا پێی پابەند دەبن، چ کۆتایی هاتبێت بەهۆی نادەستووری بوونی ئەو دەقەی تانەی لێدراوە یاخود دەستووری بێت[يڕ].

**دووەم: داوایەکی سەربەخۆیە:** داوای دەستووری بە داوایەکی لقی داناندرێت بەڵکو بە داوایەکی سەربەخۆ دادەنرێت لە بابەتەکە بەجۆرێك کە هەر کاتێك بەرزکرایەوە بۆ دادگای باڵای دەستووری ئەوە سەربەخۆ دەبێت لە داوای بابەت لەبەر ئەوەی بابەتێك چارەسەر دەکات کەوا جیایە لە بابەتی داوا ڕەسەنەکە. دادگای بالاّی دەستووری میسری لە داوای ژمارە 6ی سالّی 8ی قەزایی لە دانیشتنی 1994/11/5 ، ئەوەی پشتڕاستکردۆتەوە کە داوای دەستووری هەتا ئەگەر سەربەخۆیە لە بابەتەکەی لە داوای بابەتی، بەلاّم ئەو دوو داوایە لە دوو گۆشەوە لەیەکتر ناترازێن: یەکەمیان ئەوەیە کە بەرژەوەندی لە داوای دەستووری ناوەرۆکەکەی پەیوەستە بە بەرژەوەندی لە داوای بابەت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی حوکم لە بابەتی دەستووری کاریگەرە بە داوای بابەتی کەوا پێی پەیوەستە. وە دووەمیان: کارکردن لە داوای بابەتی پێشبینیکراوە بە یەکلاکردنەوەی داوای دەستووری[ير].

## لقی سێیەم

## شێوەکانی داوای دەستووری

**یەکەم: چاودێری هەڵوەشاندنەوە:** چاودێری هەڵوەشاندنەوە (هەروەها ناودەبرێت بە چاودێری لەرێگەی داوای ڕەسەن) مانای مافی دادگای تایبەتمەندی چاودێری دەستووریە ئەو یاسایە هەڵبوەشێنێتەوە کەوا پێەوانەی دەستوورە لەبەرامبەر هەمووان، وە وایدابنێت کەوا هەر نەبووە وە ناکرێت لەدوای ئەوە پشتی پێببەسترێت. وە داوای هەڵوەشاندنەوە ئەنجام دەدرێت بەپێی داوایەك کەوا بەرزدەکرێتەوە بۆ دادگای تایبەتمەند بۆ سەیرکردنی ئەو تانانەی پەیوەستن بە دەستووری بوونی یاساکان، وە حوکمەکەی پابەندە بۆ دادگاکانی تریش، وە بەرزکردنەوەی تانەکە مافی تاکەکان یان مافی دەسەڵاتی گشتیە. ئەگەر چاودێری ڕێگریکردن شێوەیەکی بەرگری هەبێت ئەوا چاودێری هەڵوەشاندنەوەی شێوەیەکی هێرشبەری هەیە بۆ

(□) – زید أحمد توفيق زيد الكيلاني، الطعن في دستورية القوانين، رسالة ماجستير، جامعة النجاح الوطنية، كلية الدراسات العليا، نابلس، فلسطين، 2012، لا 20.

(ير) – ممدوح محمد عارف الشياب، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 24.

هەڵوەشاندنەوەی یاسایەکی نا دەستووری پێش جێ بەجێ کردنی، دەکرێ پێش دەرچوونی یاساکە بێت یاخود دوای دەرچوونی یاساکە بێت[ٹ].

**دووەم: چاودێری ڕێگریکردن :** لـە ناوی ئەو جۆرە چاودێریە دیارە کە دەسەڵاتی ئەو دادوەرەی سەیری داوای دەستووری دەکات بریتیە لـە ڕێگریکردن لـە جێ بە جێکردنی ئەو دەقەی سەرپێچی دەستوورە، بەو مانایەی کەوا ئەگەر دادوەر بینی کە ئەو دەقەی پێویستە جێبەجێی بکات سەرپێچی دەقێکە لـە دەقەکانی دەستوور ئەوا خۆی بگرێت لـە جێ بەجێکردنی ئەو دەقە. ئەو جۆرە لـە چاودێریە پێویستی بە دەقێکی یاسایی ڕاشکاو نیە بۆ بڕیاردان لـەسەری، واتا دادوەر پراکتیزەی ئەو جۆرە چاودێریە دەکات چ دەقێکی بینی مافی ئەو جۆرە چاودێریەی پێدەدات یاخود نا[یز].

ئەو ڕێگای چاودێریە لـەسەر دەستووری بوونی یاساکان ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا پێی وەرگرتووە، کەوا دادەنرێت بە شوێنی دروستبوونی سیستەمی دادگایی چاودێری لـەسەر دەستووری بوونی یاساکان لـەگەڵ ئەوەشدا دەستوورەکەی بە ڕاشکاوی دەقی لـەبارەی ئەو چاودێریە نەهێناوەتەوە، بەڵکو دروست بووە لـەسەر دەستی دادگای باڵای فیدراڵی لـە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. تێبینی دەکرێت کەوا جێ بەجێکردنی ئەو ڕێگایە لـەلایەن دادگاکان مافێکی تایبەت نیە بەخۆی، یاخود پراکتیزەی ناکات بە ئیرادەی خۆی، بەڵکو بەرپەرچی دەداتەوە لـە حاڵەتی بوونی ناکۆکیەك کەوا خراوەتە بەردەمی لـە داوای شارستانی یاخود سزایی یاخود کارگێڕی، یاسایەکی دیاریکراو هەیە و دژێك داوای جێبەجێکردنی دەکات و ئەوەی تر تانەی لێدەدات بە نادەستووری بوونی ئەو یاسایە، وە ئەگەر دادگا بینی پێچەوانەی دەستوورە ئەوا دادگا هەڵناستێت بە هەڵوەشاندنەوەی یاساکە بەڵکو خۆی دەگرێت لـە جێ بەجێکردنی یاساکە بەهۆی نادەستووری بوونی لـەو داوایە، وە یاساکە دەمێنێتەوە وە دەکرێ کاری پێبکرێت لـە دادگایەکی تر و لـە بابەتێکی تر[سم].

---

[ٹ] – د. عمر عبدالله، الرقابة على دستورية القوانين، دراسة مقارنة، المعهد العالي للعلوم السياسية، دمشق، مجلة جامعة دمشق، العدد الثاني ، 2001، لا 20.

[يز] – د. جهاد مغاوري شحاته، رقابة الامتناع كآلية للرقابة على دستورية القوانين في النظام السعودي، دراسة مقارنة، كلية الدراسات الاسلامية والعربية، الاسكندرية، بدون سنة نشر، لا 23.

[سم] – موفق صبري شوكت، الرقابة على دستورية القوانين أنواعها ورأي الفقه فيها، مجلة كلية دجلة الجامعة، كلية الفارابي، قسم القانون، المجلد 5، العدد 1، 2022، لا 62.

## باسی دووەم

## دەسەڵاتەکانی دادگای باڵای فیدراڵی لە عێراق

دەستووری کۆماری عێراقی ساڵی 2005 دەرچوو بۆ ئەوەی لە مادە نەوەد و سیّ و مادەکانی (52/دووەم) و (61/شەشەم/ب) دەسەڵاتەکانی دادگای فیدراڵی دیاریبکات بەشێوەی دیاریکردن، وە شتێکی سروشتیە دەستوور ئەو ئاراستەیە بگرێتەبەر بەوپێیەی دادگای فیدراڵی باڵا دامەزراوەیەکی دەستووریە بۆیە پێویستە دەسەڵات و تایبەتمەندیەکانی دیاری بکرێت سەرەڕای پەیکەر و پێکهاتەی، وە ئەو دەستوورە دەسەڵاتی تازەی دا بە دادگای فیدراڵی باڵا کەوا پێشتر نەدرابوو لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی لە قۆناغی گواستنەوە بۆ ساڵی 2004 یان یاسای دادگای ژمارە (30)ی ساڵی 2005، وەك دەسەڵاتی بۆ تەفسیرکردنی دەقی دەستووری فیدراڵی وە یەکلاکردنەوەی ئەو بابەتانەی دروست دەبن لەکاتی جێبەجێکردنی یاساکانی فیدراڵی وە بڕیارەکان و ئەو ڕێوشوێنانەی دەردەچن لە دەسەڵاتی ئیتیحادی

گرنگترین خاڵ کەوا چاودێری بۆ سەر دەستووری بوونی یاساکانی پێدەناسرێتەوە کەوا دادگای باڵای فیدراڵی لە عێراق پراکتیزەی دەکات ئەوەیە کەوا چاودێریەکی مەرکەزیە، ئەو دادگایە ئەرکی لێکۆڵینەوەیە لە بەراوردی یاسا لەگەڵ دەستوور، وە سیستەمی مەرکەزی بەرامبەرە لەگەڵ سیستەمی چاودێری نامەرکەزی کەوا دەسەڵاتی تایبەتمەندی چاودێری دەستووری بوون دەدات بە سەرجەم دادگاکان بە پلە جیاوازەکانی و ئاستەکانیان لە سیستەمی دادگایی(٣).

مادە (93) لە دەستووری عێراقی لەو بڕگانەی خوارەوە بەو شێوەیە دەسەڵاتەکانی دادگای باڵای فیدراڵی لە عێراق دیاریکردووە بە شێوەی دیاریکردن (حصر):

یەکەم: چاودێری بۆ سەر دەستووری بوونی یاساکان و ڕێککارە جێبەجێکراوەکان.

دووەم: تەفسیرکردنی دەقی دەستووری.

سێیەم: یەکلاکردنەوەی ئەو بابەتانەی دروست دەبن لە جێبەجێکردنی یاسای فیدراڵی و بڕیارەکان و ڕێنماییەکان و ئەو ڕێوشوێنانەی دەردەچن لە دەسەڵاتی فیدراڵی، وە یاسا ماف دەدات بە هەریەك لە ئەنجومەنی وەزیران و خاوەن بابەت لە تاکەکان و لایەنی تر بە تانەدانی ڕاستەوخۆی لەلایەن دادگاکە.

(٣) – صلاح خلف عبد، المحكمة الاتحادية العليا في العراق تشكيلها واختصاصاتها، رسالة ماجستير، جامعة النهرين، كلية الحقوق، العراق، 2011، لا 73.

چوارەم: یەکلاکردنەوەی ئەو ناکۆکیانەی دروست دەبن لەنێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگاکان و شارەوانیەکان و کارگێڕیە ناوەخۆییەکان.

پێنجەم: یەکلاکردنەوەی ئەو ناکۆکیانەی ڕوودەدات لەنێوان حکومەتی هەرێمەکان یاخود پارێزگاکان.

شەشەم: یەکلاکردنەوەی ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی سەرۆك كۆمار و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکان دەکرێن بە یاسا.

حەوتەم: ڕاستاندن بۆ ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنە گشتیەکان بۆ ئەندامیەتی ئەنجومەنی نوێنەران.

هەشتەم: أ- یەکلاکردنەوەی ناکۆکی دەسەڵات لەنێوان قەزای فیدراڵی و دەستەکانی تری قەزایی هەرێم و پارێزگا نارێکخراوەکان لە هەرێم.

ب- یەکلاکردنەوەی ناکۆکی دەسەڵات لەنێوان دەستەکانی قەزایی هەرێم یاخود پارێزگا نارێکخراوەکان(*).

(*) – دەستووری عێراقی ساڵی 2005.

## بەشی دووەم

## ڕێوشوێنەکانی بەرزکردنەوەی داوای دەستووری لە بەردەم دادگای فیدڕاڵی باڵا

بۆ ئەوەی بە وردی باسی ڕێوشوێنەکانی بەرزکردنەوەی داوای دەستووری بکەین لەبەردەم دادگای فیدڕاڵی باڵا، ئەو بەشە دابەش دەکەین بۆ چوار باسی جیا و سەربەخۆ، لە باسی یەکەم تیشک دەخەینە سەر ڕێگای دەفعکردن کەوا ڕەوانەکردن لەخۆ دەگرێ بۆ دادگای دەستووری، وە لە باسی دووەم باسی ڕەوانەکردنی لەخۆوە دەکەین لە دادگای بابەت، وە لە باسی سێیەم باسی بەرپەرچدانەوە (تصدی) دەکەین، وە لە باسی چوارەم داوای ڕاستەوخۆ دەخەینە ڕوو، بەو شێوەیەی خوارەوە:

## باسی یەکەم

## ڕێگای دەفعکردن کەوا ڕەوانەکردن لەخۆ دەگرێ

لەو ڕێگایە وا گریمان دەکرێ ناکۆکیەکی دادگایی هەیە (شارستانی یان تاوانی یان کارگێڕی) لەو حاڵەتە داواکراو (یاخود تۆمەتبار)یان داوالێکراو ئەوە ڕادەگەیەنێ کە ئەو یاسایەی لەسەری جێ بەجێ دەکرێ نا دەستووریە، لەو حاڵەتە دادگا هەڵدەستێ بە پشکنینی ئەو یاسایە بۆ ئەوەی بزانێ ئایا دەستووریە(1). ئەگەر بینی نا دەستووریە ئەوا پشتگوێی دەخات و جێ بەجێی ناکات و داواکە فەسڵ دەکا.

لەوەی باسکرا تێبینی دوو خاڵ دەکرێت:

یەکەم: ئەوەیە کە دادوەری بابەت ناتوانێت ڕێگربێت لە جێ بەجێ کردنی ئەو دەقەی پێچەوانەی دەستوورە ئەگەر لە مکوڕی دەفعەکە دڵنیابوو، بەڵکو تەنها لەسەریەتی داواکە دوابخات و ڕەوانەی بکات بۆ دەستەی دادگایی تایبەتمەند یاخود داوا لەو کەسە دەکات دەفعەکەی پێشکەش کردووە داوا بەرز بکاتەوە بە ناوەڕۆکی دەفعەوە بۆ دەستەی دادگایی تایبەتمەند. هۆکارەکەش ئەوەیە کە چاودێریکردنە سەر دەستووری بوونی یاساکات بابەتێکە لە تایبەتمەندی دادوەری بابەت نیە، بەڵکو دەستوور ئەو لایەن و ڕێگایەی دیاری کردووە کەوا لە ڕێگەیەوە تانە لە دەستووری بوونی یاساکان دەگیرێت. بەڵام دووەم خاڵ ئەوەیە کە بۆ دادوەری بابەت هەیە سەرەڕای ئەوەی باسمان کرد مکوڕبوونی دەفعەکە بخەملێنێت، وە لەمەدا دەسەڵاتی تەقدیری هەیە(2).

---

(1) - د. عمر العبدالله، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 14.

(2) - عبدالحليم قاسم محمد العبيدى، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 83.

وە تاك بۆی هەیە پەنا بباتە بەر دەفع بە نادەستووری ئەو یاسایەی کەوا دەیانەوێ لەسەری جیٚ بەجیٚ بکەن، لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی داوا، بە مەرجێك داواکە یەکلانەکرابێتەوە و بڕیاری کۆتایی لەبارەیەوە نەدرابێت. وە لەو کاتەی تانە پێشکەش بە دادگای تایبەتمەند دەکرێت بۆ سەیرکردنی ناکۆکیەك، لەو کاتە دادگا هەڵدەستێت بە وردبینی کردنی داواکە و ئەگەر بڕوای هێنا بەوەی ئەو یاسایەی دەیانەوێ جیٚ بەجێی بکەن لەسەر ناکۆکیەکە کەوا خراوەتە بەردەمی پێچەوانەی دەستوورە، لەو حاڵەتە بڕیار دەدات ئەو یاسایە جیٚ بەجیٚ نەکرێت، بۆیە ناونراوە بە چاودێری خۆگرتن (الامتناع) لەبەر ئەوەی دادوەر خۆی دەگرێت لە جیٚ بەجیٚ کردنی ئەو یاسەیەی کەوا پێچەوانەی دەستوورە لەو دۆسیەیەی خراوەتە بەردەمی(1).

لە مادە (٢٩/ب) لە یاسای دادگای باڵای دەستووری میسری ماوەیەك داندراوە بۆ ئەو لایەنەی دەفعکردن بە نادەستووری بوون ڕادەگەیەنێت کەوا سیٚ مانگ تێنەپەڕێت بۆ بەرزکردنەوەی داواکە لە بەرامبەر دادگای باڵای دەستووری، وە ئەگەر لەو ماوەیە داواکەی بەرز نەکردەوە ئەوا وادادەنرێت کەوا دەفعەکە نەبووە، وە داواکە یەکلا دەکرێتەوە بەبیٚ سەیرکردنی ئەو دەفعە(2).

بەڵام لە دەستوور و یاسای عێراقی دادوەر ناتوانیٚ خۆی بگرێت (امتناع) و مەرجە بینێرێت بۆ دادگای باڵای فیدراڵی، کەواتە ئەو حاڵەتە پێویست بەو مەرجانە دەکات:

یەکەم: پێویستە داواکار لە بابەتی داواکە بەرژەوەندیەکی هەنوکەیی و ڕاستەوخۆ و کاریگەری هەبێت بۆ سەر پێگەی یاسایی یان دارایی یان کۆمەڵایەتییەکەی، وە ئەو بەرژەوەندیە بمێنێت هەر لە سەرەتای بەرزکردنەوەی داوا هەتا دەرچوونی حوکم تێیدا.

دووەم: ئەو دەقەی کەوا تانەی لێدراوە بە فعلی لەسەر داواکار جیٚ بەجیٚ کرابێت.

سێیەم: داواکار سوودمەند نەبووبێت لەو دەقەی تانەی لێدراوە چ لە هەمووی بێت یان بەشێکی.

چوارەم: عەریزەی داوا بەریدی ئەلیکترۆنی داواکار و ناونیشانی داوالێکراو یان بەریدی ئەلیکترۆنیەکەی لەخۆبگرێت، وە ڕوونکردنەوەیەکی تەواوی ئەو دەقەی تانەی لێدراوە وە دەقە دەستووریەکەی بانگەشەی

(1) - بهاء الدين احمد محمد، الرقابة على دستورية القوانين في ظل الدستور العراقي لسنة (2005)، بحث، رئاسة الادعاء العام، گەرمیان، 2019، لا 13.

(2) - صلاح خلف عبد، المحكمة الاتحادية العليا في العراق، رسالة ماجستير، جامعة النهرين، كلية الحقوق، 2011، لا 107.

سەرپێچی بوونی دەکرێت وە هۆکاری سەرپێچیە دەستووریەکە، وە وێنەیەك لەو دەقە یاساییە هاوپێچ دەکرێت کەوا تانەی لێدراوە[1].

## باسی دووەم

## رێگای ڕەوانەکردنی لەخۆوە لە دادگای بابەتەوە

رێگای ڕەوانەکردن لە دادگای بابەتەوە ئامرازێکە لە ئامرازەکانی جوڵاندنی تایبەتمەندی دادگای دەستووری باڵا سەبارەت بە چاودێری دەستووری بوونی یاساکان، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو ئامرازە بەربڵاوترین ئامرازەکان نین لە جوڵاندنی تایبەتمەندی دادگا لەو بارەیەوە، بەڵکو ئامرازی دەفع زیاتر بەکاردێت لەو بارەیەوە[2].

ژمارەیەك لە یاساکانی وڵاتان تەنها بەوەندە نەوەستاون ماف بدەن بە لایەنەکان لە داوای بابەتی بە تانەدان لە نادەستووری دەقی یاسایی، بەڵکو ڕێگەیان داوە بە دادگای بابەت پەنا بباتە بەر دادگای دەستووری بۆ سەیرکردنی دەستووری بوونی ئەو داوایەی بۆی ڕەوانە کراوە[3].

لە پەیڕەوی ناوەخۆیی دادگای فیدڕاڵی باڵا لە مادە (٣)دا هاتووە کە : (ئەگەر هاتوو یەکێك لە دادگاکان لەخۆوە، لەکاتی سەیرکردنی داوا، داوای کرد بڕیار بدرێت لەبارەی شەرعیەتی دەقێك لە یاسا یان بڕیارێکی تەشریعی یان ڕێنمایی یان ڕێسایەك کە پەیوەندی بەو داوایەوە هەبێت، ئەوا داواکە ڕەوانە دەکرێت بۆ دادگای فیدڕاڵی باڵا بۆ بڕیاردان لەسەری، وە ئەو داوایە ملکەچ نیە بۆ ڕەسم)[4].

لەو دەقەی سەرەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کەوا بۆ پراکتیزەکردنی ئەو جۆرە چاودێریە دەبێ داوایەك هەبێت بەرزکرابێتەوە بۆ بەردەم هەر دادگایەك، یەکسانە چ شارستانی بێت یان تاوانی یان کارگێڕی، بەبێ ڕەچاوکردنی پلەکەی، یەکسانە چ لەبەردەم دادگای بابەت بێت یان دادگای تانەدان و پێداچوونەوە و تیاچوونەوە، لە ئەنجامی ئەو سکاڵایەی لەلایەن دادوەری بابەت هەیە بە نادەستووری بوونی ئەو دەقەی دەیانەوێ جێ بەجێی بکەن، لەو حاڵەتە دەتوانێ داوایەکی بەهۆکار ڕەوانە بکات بۆ دادگای فیدڕاڵی باڵا،

---

(1) - پەیڕەوی ناوەخۆیی دادگای باڵای فیدراڵی ژمارە (1)یساڵی 2022.

(2) - قصي أحمد محمد الرفاعي، تحريك الدعوى الدستورية، رسالة ماجستير، جامعة القدس، فلسطين، 2016، لا 46.

(3) - حنان المصطفى محمد شراح، الإحالة إلى المحكمة الاتحادية العليا في الدعوى الدستورية، رسالة ماجستير، جامعة الإمارات العربية المتحدة، كلية القانون، 2018، لا 23.

(4) - یاسای پەیڕەوی ناوەخۆیی دادگای فیدراڵی باڵا، ژمارە (1) ی ساڵی 2005.

لەو حاڵەتە داوا ڕەسەنەکە دوادەخرێ تا ئەو کاتەی دادگای فیدڕاڵی باڵا بڕیاری یەکلاکەرەوە دەردەکات سەبارەت بەو تانەیە[تژ].

## باسی سێیەم

## ڕێگای بەرپەرچدانەوە (التصدی)

بەرپەرچدانەوە یەکێکە لە ڕێگاکان بە دەست دادگای دەستووری لەسەر دەقە یاساییەکان و حوکمدان لەسەری بە بەراوردکردن بە چۆنیەك بوونی یان پێچەوانە بوونی. بەرپەرچدانەوە چەمکێکە یان ڕێوشوێنێکە چاودێری دادگایی ناسیویەتی بۆ سەر دەستووری بوونی یاساکان، کەوا ڕێگە دەدات بە دادگای دەستووری بپرژێتە سەر هەندێ حوکم کەوا لە دەفعکردن بە نادەستووری بوون یان داوای دەستووری نەهاتوە بە مەرجی ئەوەی ببەسترێتەوە بە حوکم یان ئەو دەقەی بابەتی تانەدانە لە داوا دەستووریەکە[یر].

یاسای دادگای باڵای فیدڕاڵی ئاماژەی داوە بەوەی دەکرێ حوکمەکانی یاسای دادبینی شارستانی ژمارە 83ی ساڵی 1969ی هەموارکراو جێ بەجێ بکرێت ئەگەر هاتوو لە یاسای دادگاکە دەقێکی تایبەت نەبوو، وە بە گەڕانەوە بۆ یاسای دادبینی شارستانی دەبینین کەوا ژمارەیەك دەقی یاسایی گشتی هەیە کە دادگاکان جێ بەجێی دەکەن بە شێوەیەکی گشتی کەوا ڕێگە دەدات بە دەفع لەخۆوە لە هەندێ بابەت و ڕێوشوێن کەوا تایبەتن بە داواکان  وە پەیوەندی هەیە بە تایبەتمەند نەبوون یان ویلایە نەبوونی دادگاکە یان پەیوەندی هەبێت بە جۆری داوای بەرزکراوە. کەواتە دەبینین یاسادانەری عێراقی دەسەڵاتی دەفعکردنی لەخۆوەی داوە بە دادگاکانی تر لە یەکلاکردنەوەی داوا ئاساییەکان،  بۆیە دادگای باڵای فیدراڵی لەپێشتریشە بۆ ئەوەی بتوانێ دەفع و بەرپەرچدانەوە بکات لە خۆوە بە دەقی دەستووری و یاسایی ڕوون و ڕاشکاو کە پەیوەندی هەیە بە بابەتی دەستووری[سم].

لەبارەی بەرپەچدانەوە لە مادە (46)ی پەیڕەوی ناوەخۆیی دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی هاتووە کە : (بۆ دادگا هەیە لەکاتی سەیرکردنی تانەدان بە نادەستووری بوونی دەقێکی یاسایی بەرپەرچ بداتەوە بەهۆی نادەستووری بوونی هەر دەقێکی یاسایی تر کەوا پەیوەندی هەبێت بەو دەقەی تانەی لێدراوە). [□]

---

(تژ) – د. مصدق عادل،القضاء الدستوري في العراق، مكتبة السنهوري، بغداد، 2017، لا 33.

(یر) – محمد بومدين، التصدي او الاخطار الذاتي في الرقابة على دستورية القوانين، بحث، مجلة الباحث الاكاديمي في العلوم القانونية والسياسية، الأغواط، الجزائر، العدد الخامس، 2020، لا 5.

(سم) – د بتول مجيد، التصدي في القضاء الدستوري، بحث، مجلة القانون للدراسات والبحوث القانونية، جامعة ذي قار، العراق، العدد السابع عشر، 2019، لا 11.

(□) – مادە (46) لە پەیڕەوی ناوەخۆیی دادگای باڵای فیدراڵی ژمارە (1)ی ساڵی 2022.

لە بڕگەی (2) ی مادە (27) ی یاسای دادگای باڵای دەستووری فەلەستینی هاتووە: (ئەگەرهاتوو لە کاتی سەیرکردنی یەکێك لە داواکان، یەکێك لە دادگاکان بینی، دەقێك نا دەستووریە لە یاسا یان مەرسوم یان ڕێنمایی یان پەیڕەوێك پێویستە ناکۆکیەکە یەکلا بکاتەوە، داواکە دەوەستێندرێت وە پەڕاوەکان بەبێ ڕەسم ڕەوانە دەکرێن بۆ دادگا بۆ یەکلاکردنەوەی بابەتی دەستووری[1]).

یاسادانەری میسری ڕێگەی داوە بە دادگای دەستووری لەکاتی سەیرکردنی دادگا بۆ یەکێك لە بابەتەکانی بەردەمی وە بینی کەوا دەقێکی یاسایی هەیە پەیوەندی هەیە بە ناکۆکی پێشکەشکراو بۆ ڕادەی دەستووری بوونی، بەرپەرچی ئەو دەقە بداتەوە لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك دادگا بەرپەرچ دەداتەوە، ڕاستەوخۆ حوکم نادات، بەڵکو هەڵدەستێت بە ڕەوانەکردنی ئەو بابەتەی کەوا بەرپەرچی داوەتەوە بۆ بەردەم دەستەی کۆمسیۆنی دادگا بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێك لەو بارەیەوە، وە لەدوای وردبینی کردن بۆی هەیە حوکم بدات یان بەدەستووری بوونی دەقەکە، یان نادەستووری بوونی[2].

## باسی چوارەم

## داوای ڕاستەوخۆ

لە مادە (20) ی پەیڕەوی ناوەخۆیی دادگای فیدراڵی باڵا ژمارە (1) ی ساڵی 2022هاتووە : (هەر کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی تایبەت یاخود ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کەوا یاسا دانی پێداناوە، مافی هەیە داوای ڕاستەوخۆ بەرزبکاتەوە لەبەردەم دادگای باڵای فیدراڵی، بۆ یەکلاکردنەوەی دەستووری بوونی دەقێکی لە یاسا یان پەیڕەو، بە مەرجێك داواکە سەرجەم ئەو مەرجانەی تێدا بێت کەوا لە مادەکانی (44،45،46،47) ی یاسای دادبینی شارستانی ژمارە (83)ی ساڵی 1969ی هەموارکراودا هاتووە، وە داواکە لەلایەن خودی داواکار یاخود بریکارەکەی کەوا دەسەڵاتی ڕەهای هەبێت بەرزدەکرێتەوە)[3].

بەپێی بڕگەی (أ) مادە ٢٩ لە یاسای دادگای باڵای دەستووری میسری هاتووە دادگا ئەرکی چاودێری قەزایی لەسەر دەستوور لەخۆ دەگرێت بەو شێوەیەی خوارەوە:

_ ئەگەر هاتوو یەکێك لە دادگاکان یان ئەو دەستانەی تایبەتمەندی قەزاییان هەیە لە کاتی سەیرکردنی یەکێك لە داواکان بینیان دەقێك لە یاسا یان مەرسوم یان ڕێنمایی یان پەیڕەوێك یان بڕیارێك نا دەستوورین،

(1) – یاسای دادگای باڵای دەستووری فەلەستینی ژمارە (3)ی ساڵی 2006.

(2) – قصي أحمد محمد الرفاعي، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 66.

(3) - مادە (20) لە پەیڕەوی ناوەخۆیی دادگای باڵای فیدراڵی ژمارە (1)ی ساڵی 2022.

پێویستە ناکۆکیەکە یەکلابکاتەوە، داواکە دەوەستێت و پەڕاوەکان ڕەوانەی دادگای باڵای دەستووری دەکرێن بۆ یەکلاکردنەوەی بابەتی دەستووریەکەی[ىز].

مەبەست لە داوای ڕاستەوخۆ توانینی تاکەکانە بۆ پەنابردنە بەر دادگای فیدراڵی باڵا بۆ دژایەتی کردنی دەقێك کەوا لە یاسادا هاتووە بەوەی کە سەرپێچی دەستوورە. دەستووری عێراقی ساڵی 2005 ڕێگەی داوە بە تاکەکان ڕاستەوخۆ داوا بەرز بکەنەوە بە تانەدان لە یاسایەك لە بەرامبەر دادگای فیدراڵی باڵا، ئەمەش وەك لە مادە (93/سێیەم)یدا هاتووە کە (دادگای باڵای فیدراڵی تایبەتمەندە بەمانە ... سێیەم: یەکلاکردنەوەی ئەو بابەتانەی دروست دەبن لە ئەنجامی جێبەجێکردنی یاساکانی فیدراڵی و بڕیارەکان و ڕێنماییەکان و ئەو ڕێوشوێنانەی دەردەچن لە دەسەڵاتی فیدراڵی وە یاسا ماف دەدات بە هەر یەك لە ئەنجومەنی وەزیران و خاوەن بەرژەوەندیەك لە تاکەکان کەوا ڕاستەوخۆ تانەبگرن لەلای دادگاکە)[یر].

ئەو دەرئەنجامانەی لە داوای ڕاستەوخۆ دەکەوێتەوە جیاوازە بەگوێرەی جیاوازی ئەو دەستوورانەی ڕێکی دەخەن، لە هەندێ دەستوور کەوا بە چاودێری دادگایی پێشوویان وەرگرتووە لەسەر دەستووری بوونی یاساکان، کاتێك دادگای تایبەتمەند بڕیاری خۆی دەردەکات بە نادەستووری بوونی یاسایەکی دیاریکراو، ئەو بڕیارە ڕێگری لە دەرچوونی ئەو یاسایە، لەو حاڵەتە ئەو یاسایە لە حوکمی نەبوو دایە. بەڵام لە چاودێری دادگایی پاشەکی یاساکە دەمێنێ وە ڕەنگە کاریشی پێبکرێت بۆ ماوەیەك وە جێبەجێ بکرێت، وە کاتێك دادگای تایبەتمەند بڕیار دەردەکات بە نادەستووری بوونی یاساکە ئەوا هێزی پابەندبوونی لەدەست دەدات وە جێبەجێ ناکرێت و ناکرێ کاری پێبکرێت بەڵام لەلایەنی فەرمی هەر هەیە هەتا پەرلەمان یاسایەك دەردەکات بە هەڵوەشاندنەوەی یاخود یاسایەکی تر دەردەکات حوکمەکانی هەموار دەکاتەوە، وە زۆربەی کات کە یاسایەکی دیاریکراو دەردەچێت دەقی تێدا دەهێندرێت کەوا کار ناکرێت بە دەقی هیچ یاسایەکی تر کە ناکۆك بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەو یاسایە[□].

## بەشی سێیەم

## مەرجەکانی قەبوڵکردنی داوای دەستووری

---

(ىز) – یاسای دادگای باڵای دەستووری میسری ژمارە (48)ی ساڵی 1979.

(یر) – د.مروان حسن عطية، حق الأفراد في الطعن بعدم الدستورية، بحث منشور في مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية والسياسية، بابل، العدد الرابع، السنة التاسعة، 2017، لا 3.

(□) – بهاء الدين احمد محمد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 11.

بۆ ئەوەی داوای دەستووری قەبوڵ بکرێت پێویست بە بوونی چەند مەرجێك دەكات كەوا لـە یاسادا ئاماژەیان پێکراوە، بۆ چوونە ناو باسی ئەو مەرجانە بە پێویستی دەزانین ئەو بەشە دابەش بکەین بۆ سەر سێ باس، بە شێوەیەك لـە باسی یەکەم مەرجی بەرژەوەندی دەخەینە ڕوو، وە لـە باسی دووەم باسی مەرجی تایبەتمەندی دەکەین، وە لـە باسی سێیەم کاتی بەرزکردنەوەی داواکە دەخەینە ڕوو، بەو شێوەیەی دادێ:

## باسی یەکەم

## مەرجی بەرژەوەندی

مەرجی بەرژەوەندی ئەوە دەگەیەنێت کەوا کاریگەری ئەو یاسایەی تانەی لێدراوە کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی هەبێت لـەسەر تانەلێدەر، وە سوودی حوکمە دادوەریەکە ڕاستەوخۆ بۆ ئەو بگەرێتەوە بەبێ بوونی هیچ نێوەندگیرێك. دادگای دەستووری عێراقی دانی ناوە بە بوونی بەرژەوەندی ڕاستەوخۆ و کاریگەر لـە تانەلێدەر بە نادەستووری بوون بەڵام ڕەنگە ئەو بەرژەوەندیە بەرژەوەندیەکی گشتی نەبێت کە ئەندامێکی پەرلـەمان دایڕشتووە بە نوێنەرایەتی دەنگدەرەکانی. لـەم ئاراستە دادوەریەی عێراق ئەوە ڕوون دەبێتەوە کەوا داوای دەستووری قەبوڵ کراوە لـە داواکار بەبێ بوونی بەرژەوەندی کەسی، سەرەڕای ئەوەش ئەو دەقەی تانەی لێدراوە کاریگەری ڕاستەوخۆی نەبووە لـەسەر پێگەی یاساییەکەی(يو).

بەرژەوەندی لـە داوای دەستووری بەوە دەناسرێتەوە کەوا ئەو مافەی پارێزگاری لێدەکرێت مافێکە دەستوور فەراهەمی کردووە، وە دەستدرێژی کردنە سەری لـەرێگەی دەقی یاسا یان ڕێنماییە، وە بە بوونی ئەو دەستدرێژیە بەرژەوەندی دێتە کایەوە کەوا ڕێگە دەدات بە خاوەن ماف ڕێوشوێنی تانەدان بە نادەستووری بوون بگرێتەبەر، وە پێویست دەکات ئەو بەرژەوەندیە کەسی بێت بەو مانایەی کەوا بەرزکەرەوەی داواکە خاوەن مافەکە بێت لـە بابەتی داواکەدا، وە پێویست دەکات ئەو بەرژەوەندیە هەبێت بەو مانایەی کە بەرزکەرەوەی داواکە پێشێلکردنێکی کەوتبێتە سەر(يز).

وە لـە برگەی (یەکەم)ی مادە (20) ی پەیڕەوی ناوەخۆیی دادگای باڵای فیدراڵی ژمارە (1)ی ساڵی 2022دا هاتووە کە : پێویستە داواکار بەرژەوەندیەکی هەنوکەیی و ڕاستەوخۆی هەبێت و

(يو) – د. علي هادي عطية، إشكالية قبول المصلحة المحتملة في الطعون الدستورية وتطبيقاتها في الطعن بدستورية النصوص الضريبية، دراسة مقارنة، مجلة رسالة الحقوق، ذي قار، السنة الخامسة، العدد الأول، 2013، لا 5.

(يز) – زيد أحمد توفيق زيد الكيلاني، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 91.

کاریگەری کردبێتە سەر پێگەی یاسایی یان دارایی یان کۆمەڵایەتی، وە ئەو بەرژەوەندیە بمینێت لە سەرەتای بەرزکردنەوەی داوا هەتا دەرچوونی حوکم.[٣١]

چەند ڕێگایەکی دیاریکراو هەیە بەهۆیەوە دادگای دەستووری سەیری تانە دەستووریەکان دەکات کەوا تاکەکان پێشکەشیان کردووە لەگەڵ بوونی مەرجی بەرژەوەندی کەسی، وە پێویستە بۆ بەدیهێنانی ئەو بەرژەوەندیە دوو مەرج هەبێت کە بەهۆیانەوە مانای بەرژەوەندی دیاری دەکرێت لە داوای دەستووری، پێویستە داواکار بیسەلمێنێت کەوا تووشی زیانێك بووە کەوا هەستی پێدەکات، نەوەك زیانێکی وەهمی یان تیۆری، وە پەیوەندی هۆکاری هەبێت لەنێوان ئەو زیانە و ئەو دەقەی تانەی لێداوە، بەو مانایەی ئەو زیانەی تووشی داواکار بووە لەو دەقەوە سەرچاوەی گرتووە[٣٢].

لە بڕیاری ژمارە/157/ 2022 دادگای باڵای فیدراڵیدا هاتووە: لەدوای وردبینیکردن و ڕاگۆڕینەوە لەلایەن دادگای باڵای فیدراڵی دەرکەوت کە داوای داواکار، بریتیە لە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (133 یساڵی 2021) کەوا لە بەرواری 2021/4/13 دەرچووە، کەوا تێیدا ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی ڕاسپێردراوە بە دامەزراندنی ئەندازیار (محمد صاحب الدراجی) بە پلەی سەرۆکی دەستەی پیشەسازی جەنگی بەهۆی سەرپێچی ئەمە لەگەڵ دەقەکانی یاسای دەستەی پیشەسازی جەنگی  ژمارە (25)ی ساڵی 2019 و مادە (80/پێنجەم) لە دەستووری کۆماری عێراق ساڵی 2005 وە لەدوای خوێندنەوەی دەفعەکانی لایەنەکانی داوا لەڕێگەی پەڕاوە پێشکەشکراوەکان لەلایەن بریکارەکانیان وە لەمیانەی دادبینیکردن ئەو دادگایە بینی کەوا داوای داواکار مەرجی بەرژەوەندی تێدانیە کەچی لە بنەماکانی بەرزکردنەوەی داوا و قەبوڵکردنی لەلایەن دادگا ئەوەیە کە بەرژەوەندی ئەو کەسەی تێدابێت کەوا بەرزی دەکاتەوە کە ئەویش سوودە پراکتیکیەکەیە کەوا داواکار بەدەستی دەهێنێت لەکاتی حوکمدان بەپێی داواکاریەکانی کەوا لە عەریزەی داوا نووسیوەتی ........ [٣٣].

---

(٣١) – پەیڕەوی ناوەخۆیی دادگای باڵای فیدراڵی ژمارە (1)ی ساڵی 2022.

(٣٢) – هزيل جلول، الصفة والمصلحة في المنازعة الدستورية، رسالة ماجستير، جامعة ابي بكر بلقايد، كلية الحقوق، الجزائر، 2014، لا 121.

(٣٣) –  بڕیاری ژمارە/157/ 2022 دادگای باڵای فیدراڵی.

## باسی دووەم

## مەرجی تایبەتمەندی (الصفة)

جیاوازی نیە لەنێوان تایبەتمەندی و شایستەیی (الاهلیة) لە داوای ئاسایی وە هەردووکیان یەکن وە پێویست بەوە ناکات جیا بکرێنەوە، لێرە باسەکە دادگای دەستوورییە. سەرجەم دەستوورەکان لە جیهان ئەو کەسانەیان دیاریکردووە کەوا تایبەتمەندیان هەیە بە پێڕاگەیاندنی ئەنجومەنی دەستووری یان دادگای دەستووری بە تانەدان لە نادەستووری بوونی یاسایەك وە زۆربەی وڵاتان ئەو لایەنەیان دیاری کردووە کەوا دەتوانن داوای دەستووری بجوڵێنن هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا جگە لەوانەی دیاریکراون لە دەستوور یان یاسا نەتوانن داوای دەستووری بجوڵێنن یاخود تانەبدەن بە نادەستووری بوونی یاساکان وە ئەو ئەگەر ئەو کەسە یان لایەنە ئەو تایبەتمەندیەی نەبوو ئەوا داواکە بە پوچەڵ دادەنرێت وە ڕەتدەکرێتەوە[□].

لەبەر ئەوەی بابەتی داوا بەردەوام بریتیە لە ڕاگەیاندنی مافێك، یاخود پێگەیەکی یاسایی کەوا دەستدرێژی کراوەتە سەر، یاخود هەڕەشەی دەستدرێژی لەسەرە، بۆیە ئەو داوایەی بەرزکراوەتەوە بۆ پاراستنی ئەو مافە، یان پێگەیە، پێویستە لەلایەن ئەو کەسەوە بێت کەوا بانگەشەی ئەو مافە دەکات بۆخۆی، یان خود پێگە یاساییەکە، ئەمەش مانای تایبەتمەندی دەگەیەنێت لە داوا. ئەو بنەمایە ڕێزپەڕی تێدایە بۆ خاوەن تایبەتمەندی بنەڕەتی، کە داوای ماف بکات نەك بۆخۆی، بەڵکو بۆ کەسێکی تر، وە ئەو کەسە شوێنی خاوەن مافە بنەڕەتیەکە دەگرێتەوە، بە نموونە ئەو داوایەی وەلی یان سەرکار دەسەڵاتپێدراو بەرزی دەکاتەوە کەوا ڕێگە دەدات بەمانە داوای مافی ئەوانە بکەن کەوا شوێنیان گرتونەتەوە[□].

پێویستە تایبەتمەندی (**الصفة**) بەردەوام بێت لەگەڵ داواکار و داوالێکراو بەدرێژایی قۆناغەکانی داوا، وە ئەوە دەمێنێتەوە لەگەڵ داواکار مادام هەر ئەو خاوەن مافەکەیە یاخود پێگە یاساییەکەیە کە داوای دەکات، وە تایبەتمەندی دەبەسترێتەوە لەگەڵ مافەکە، ئەگەر ئەو مافە گواسترایەوە لەلای داواکارێك بۆ یەکی تر، ئەوا دەبێتە هۆی نەمانی ئەو تایبەتمەندیە لەلای داواکارەکە وە دەگوزارێتەوە بۆ خاوەن مافە تازەکە[□].

لە دەستووری عێراقی ساڵی 2005 ئەو خاوەن تایبەتمەندیانەی دیاری کردووە کەوا مافی تانەدانیان لە بەرامبەر دادگای باڵای فیدراڵی، یاسا ڕێگەی داوە بە هەر یەك لە ئەنجومەنی وەزیران وە

(□) – ممدوح محمد عارف الشیاب، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 26.

(ير) – قصي محمد أحمد الرفاعي، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 109.

(□) – عمر بن الزوبير، الصفة والمصلحة كشرط لقبول الدعوى المدنية، دراسة، المجلة الاكاديمية للبحوث القانونية والسياسية، جامعة عمار ثليجي الأغواط، الجزائر، 2022، لا 131.

خاوەن بەرژەوەندی لە تاکەکان و کەسانی تر، کەوا تانەبگرن لەبەرامبەر دادگای بالاّ، بەپێی ئەمە ئەنجومەنی وەزیران ئەو مافەی هەیە بەو پێیەی کەسێکی مەعنەوی سەربەخۆیە بۆ سەیرکردنی ئەو ناکۆکیانەی دروست دەبن لە ئەنجامی جێ بەجێ کردنی یاسا یان بڕیار یان ڕێنماییەکان کەوا لە دەسەلاّتی فیدراڵی دەردەچن، وە دەربڕینی ئەنجومەنی وەزیران سەرجەم دەستەکان و فەرمانگەکانی سەر بە ئەو دەگرێتەوە، هەروەها وەزیرەکان لەبەر ئەوەی سیفەتی مەعنەویان هەیە بەهۆی وەزیفەکەیان، بەلاّم کۆی وەزیرەکان ئەنجومەنی وەزیران پێك دەهێنن. هەروەها ئەو مافە دراوە بە تاکەکان، مەبەست لە تاکەکان هەر کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی بێت زیان بە پێگە یاساییەکەی کەوتبێت بەهۆی یاسا و ڕێنمایی و بڕیارەکانی دەرچوو لەلایەن دەسەلاّتی فیدراڵی(□).

## باسی سێیەم

## کاتی بەرزکردنەوەی داوا

نە دادگای بالاّی فیدراڵی و نە پەیڕەوە ناوخۆییەکەی ئەو ماوەیان دیاری نەکردووە کەوا تانەدەر تێیدا بتوانێت داوای دەستووری بەرزبکاتەوە، بۆیە بەپێی مادە (50) لە پەیڕەوی ناوخۆیی دادگای بالاّی فیدراڵی ژمارە (1)ی ساڵی 2022 کەوا تێیدا هاتووە "جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی یاسای دادبینی شارستانی ژمارە (83)ی ساڵی 1969هەموارکراو و یاسای سەلماندن ژمارە (107)ی ساڵی 1979هەموارکراو یاخود هەر یاسایەکی تر شوێنیان بگرێتەوە ئەگەر هاتوو دەقێکی تایبەت نەهاتبوو لە لەو پەیڕەوە" وە لەبەر ئەوەی مادەی ئاماژەپێکراو یاسای دادبینی شارستانی داناوە بە پشت پێبەستوو لە کاتی نەبوونی هەر دەقێکی تایبەت لە یاسای دادگای بالاّی فیدراڵی و پەیڕەوی ناوخۆیی، وە بەپێی (بڕگە 4 لە مادە 207) لە یاسای دادبینی شارستانی کاتی داوا بەرزکردنەوە دەست پێدەکات لەکاتی پێدانی ڕەسمی یاساییەکەی. وە لە هەندێ لە بڕیارەکانی دادگای بالاّی فیدراڵی دووپاتی پابەندبوون بە کاتێکی دیاریکراوی کردۆتەوە وەك لە بڕیارێکیدا هاتووە "داوا ڕەت دەکرێتەوە ئەگەر لە دەرەوەی ماوەی یاسایی بەرزکرابۆوە"(ير).

□

(□) – شورش حسن عمر، رووبار مجيد أحمد، شروط قبول الدعوى الدستورية أمام المحكمة الإتحادية العليا في العراق، دراسة، كلية القانون، جامعة السليمانية، 2019، لا 10.

(ير) – شورش حسن عمر، رووبار مجيد أحمد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 14.

# دەرئەنجام

1– داوای دەستووری ئەو ئامرازەیە کەوا دەستووری دەیداتە ئەو کەسانەی سیفەتی سروشتی و مانایيان هەیە بۆ داواکردنی هەڵوەشاندنەوەی یاسایەك کەوا دەرچووە لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانان کە پێشێلی مافێك لەو مافانە بکات کەوا لە دەستووری دەقی لەبارەوە هاتووە لەدوای بەرێوەچوونی رێوشوێنە یاساییەکان بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایە.

2– داوای دەستووری بە داوایەکی سەربەخۆ دادەنرێت لە بابەتەکە بەجۆرێك کە هەر کاتێك بەرزکرایەوە بۆ دادگای باڵای دەستووری ئەوە سەربەخۆ دەبێت لە داوای بابەت لەبەر ئەوەی بابەتێك چارەسەر دەکات کەوا جیایە لە بابەتی داوا ڕەسەنەکە.

3– گرنگترین خاڵ کەوا چاودێری بۆ سەر دەستووری بوونی یاساکانی پێدەناسرێتەوە کە دادگای باڵای فیدراڵی لە عێراق جێبەجێی دەکات ئەوەیە کەوا چاودێریەکی مەرکەزیە، ئەو دادگایە ئەرکی لێکۆڵینەوەیە لە بەراوردی یاسا لەگەڵ دەستوور، وە سیستەمی مەرکەزی بەرامبەرە لەگەڵ سیستەمی چاودێری نامەرکەزی کەوا دەسەڵاتی تایبەتمەندی چاودێری دەستووری بوون دەدات بە سەرجەم دادگاکان بە پلە جیاوازەکانی و ئاستەکانیان لە سیستەمی دادگایی.

4– ژمارەیەك لە یاساکانی وڵاتان تەنها بەوەندە نەوەستاون ماف بدەن بە لایەنەکان لە داوای بابەتی بە تانەدان لە نادەستووری دەقی یاسایی، بەڵکو ڕێگەیان داوە بە دادگای بابەت پەنا بباتە بەر دادگای دەستووری بۆ سەیرکردنی دەستووری بوونی ئەو داوایەی بۆی ڕەوانە کراوە.

5– چەند ڕێگایەکی دیاریکراو هەیە بەهۆیەوە دادگای دەستووری سەیری تانە دەستووریەکان دەکات کەوا تاکەکان پێشکەشیان کردووە لەگەڵ بوونی مەرجی بەرژەوەندی کەسی، وە پێویستە بۆ بەدیهێنانی ئەو بەرژەوەندیە دوو مەرج هەبێت کە بەهۆیانەوە مانای بەرژەوەندی دیاری دەکرێت لە داوای دەستووری، پێویستە داواکار بیسەلمێنێت کەوا تووشی زیانێك بووە کەوا هەستی پێدەکات، نەوەك زیانێکی وەهمی یان تیۆری، وە پەیوەندی هۆکاری هەبێت لەنێوان ئەو زیانە و ئەو دەقەی تانەی لێداوە.

# ڕاسپاردەکان

1- داوای دەستووری سروشتێکی تایبەتی هەیە کەوا جیای دەکاتەوە لە داوا ئاساییەکان، بۆیە پێویست دەکات یاسادانەر سەرجەم ڕێوشوێنەکانی بەرزکردنەوەی ئەو داوایە ڕێك بخات لـە سەرەتای بەرزکردنەوەی داواکە تاوەکو یەکلابوونەوەی.

2- دادگای باڵای فیدراڵی یەك دادگایە وە بە سروشتەکەی جیاوازە لـەگەڵ دادگا بابەتیەکانی تر کەوا دەتوانرێ بە تێپەڕبوونی کاتێکی دیاریکراو ئەندامانی بگوازێتەوە بۆ ناوچەی تر بۆیە درێژی کارکردن لـەو دادگایە بەبێ بوونی چاودێری ئاراستەیەك دروست دەکات کەوا یەك ناگرێتەوە لـەگەڵ بێلایەنی ئەو دادگایە.

## سەرچاوەکان


**یەکەم: کتێب:**

1- **حسنى بوديار، الوجيز في القانون الدستوري، دار العلوم للنشر و التوزيع، فلسطين، 2003.**

2- **د. مصدق عادل، القضاء الدستوري في العراق، مكتبة السنهوري، بغداد، 2017.**

**دووەم: نامە و تێزە ئەکادیمیەکان:**

1- **بهاء الدين احمد محمد، الرقابة على دستورية القوانين في ظل الدستور العراقي لسنة (2005)، بحث، رئاسة الادعاء العام، گەرميان، 2019.**

2- **د بتول مجيد، التصدي في القضاء الدستوري، بحث، مجلة القانون للدراسات والبحوث القانونية، جامعة ذي قار، العراق، العدد السابع عشر، 2019.**

3- **د. جهاد مغاوري شحاته، رقابة الامتناع كآلية للرقابة على دستورية القوانين في النظام السعودي، دراسة مقارنة، كلية الدراسات الاسلامية والعربية، الاسكندرية، بدون سنة نشر.**

4- **زيد أحمد توفيق زيد الكيلاني، الطعن في دستورية القوانين، رسالة ماجستير، جامعة النجاح الوطنية، كلية الدراسات العليا، نابلس، فلسطين، 2012.**

5- **صلاح خلف عبد، المحكمة الاتحادية العليا في العراق تشكيلها واختصاصاتها، رسالة ماجستير، جامعة النهرين، كلية الحقوق، العراق، 2011.**

6- **عبدالحليم قاسم محمد العبيدي، رسالة ماجستير، جامعة الانبار، كلية القانون والعلوم السياسية، 2011.**

7 - **نوال لصلج، خصوصية الدعوى الدستورية في التشريع الجزائري، دراسة،جامعة سكيكدة، الجزائر، 2019.**

8 - **ممدوح محمد عارف الشياب، الدعوى الدستورية بين الرقابة السياسية والرقابة القضائية، رسالة ماجستير، جامعة الشرق الأوسط، كلية الحقوق، 2015.**

9- **موفق صبري شوكت، الرقابة على دستورية القوانين أنواعها ورأي الفقه فيها، مجلة كلية دجلة الجامعة، كلية الفارابي، قسم القانون، المجلد 5، العدد 1، 2022.**

10- د. عمر عبدالله، الرقابة على دستورية القوانين، دراسة مقارنة، المعهد العالي للعلوم السياسية، دمشق، مجلة جامعة دمشق، العدد الثاني ، 2001.

11- قصي أحمد محمد الرفاعي، تحريك الدعوى الدستورية، رسالة ماجستير، جامعة القدس، فلسطين، 2016.

12 - حنان المصطفى محمد شراج، الإحالة إلى المحكمة الاتحادية العليا في الدعوى الدستورية، رسالة ماجستير، جامعة الإمارات العربية المتحدة، كلية القانون، 2018.

13- محمد بومدين، التصدي او الاخطار الذاتي في الرقابة على دستورية القوانين، بحث، مجلة الباحث الاكاديمي في العلوم القانونية والسياسية، الأغواط، الجزائر، العدد الخامس، 2020.

14- د.مروان حسن عطية، حق الأفراد في الطعن بعدم الدستورية، بحث منشور في مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية والسياسية، بابل، العدد الرابع، السنة التاسعة، 2017.

15- - هزيل جلول، الصفة والمصلحة في المنازعة الدستورية، رسالة ماجستير، جامعة ابي بكر بلقايد، كلية الحقوق، الجزائر، 2014.

16- د. علي هادي عطية، إشكالية قبول المصلحة المحتملة في الطعون الدستورية وتطبيقاتها في الطعن بدستورية النصوص الضريبية، دراسة مقارنة، مجلة رسالة الحقوق، ذي قار، السنة الخامسة، العدد الأول، 2013.

17- هزيل جلول، الصفة والمصلحة في المنازعة الدستورية، رسالة ماجستير، جامعة ابي بكر بلقايد، كلية الحقوق، الجزائر، 2014.

18- عمر بن الزوبير، الصفة والمصلحة كشرط لقبول الدعوى المدنية، دراسة، المجلة الاكاديمية للبحوث القانونية والسياسية، جامعة عمار ثليجي الأغواط، الجزائر، 2022.

19- شورش حسن عمر، رووبار مجيد أحمد، شروط قبول الدعوى الدستورية أمام المحكمة الإتحادية العليا في العراق، دراسة، كلية القانون، جامعة السليمانية، 2019.

**سێیەم: دەستوور و یاساکان:**

1- دەستووری عێراقی ساڵی 2005.

2- یاسای پەیڕەوی ناوەخۆیی دادگای فیدراڵی باڵا، ژمارە (1) ی ساڵی 2005.

3- پەیڕەوی ناوەخۆیی دادگای فیدراڵی باڵا، ژمارە (1) ی ساڵی 2022.

4- یاسای دادگای باڵای دەستووری فەلەستینی ژمارە (3)ی ساڵی 2006.

5- یاسای دادگای باڵای دەستووری میسری ژمارە (48)ی ساڵی 1979.

6- بڕیاری ژمارە/157/ 2022 دادگای باڵای فیدراڵی.